## بەیاننامەی بەرەی دژی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بۆ عێراق

٢٠٠٦/١/٢٥

نـــــا بۆ دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی عێراقی!

دەوڵەتی بەریتانیا هێشتا بە نیازە ئەو پەنابەرە کوردو عێراقیانە دیپۆرت بکاتەوە کە داوای پەنابەریەکەیان ڕەتکراوەتەوە. لە 20ی نۆڤێمبەری ساڵی ڕابوردوودا 15 پەنابەری کوردی عێراقی بە زۆرەملێ بۆ وولاتەکەیان دیپۆرتکرانەوە، دەوڵەت پاش ئەوەی دانی بە هەڵەی خۆیدا نا ڕێگەی بەیەکێک لە دیپۆرتکراوەکان دا کە بگەڕێتەوە بۆ بەریتانیا. هەموو دیپۆرتکراوەکان ئەوەیان بەیان دەکرد کە ئەگەر دیپۆرت بکرێنەوە ئەوا ڕوبەڕووی جارەنووسێکی مەترسیدار دەبنەوە، بەڵام تا ئێستا لە تواناد نەبوە کە بەدواچوونێکی بەرنامەبۆداڕێژراو لە جارەنووسی ئەو پەنابەرانە ئەنجام بدرێت.

ئێستا دەوڵەت بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی جیهانی بۆ کاروباری پەنابەران لەژێر ناوی ناردنەوەی دڵخوازانەدا دەستیان کردووە بە پرۆسەی ناردنەوەی ژمارەیەکی زۆری پەنابەران، هەرچەندە بەشێکی زۆری ئەو پەنابەرانە لەژێر فشاری بێبەشکردن و لێسەندنەوەی مافی ژیانیان لە خۆراک و شوێنی نیستەجێبوون و نائومێد بوون لەوەی کە وەڵام بە کەیسەکانیان بدرێتەوە خۆیان بۆ گەڕانەوە ناونوس دەکەن.

پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکات کە عێراق وولاتێکی پڕ مەترسیە، دانیشتوانەکەی لەژێر داگیرکاری هێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیادا دەناڵێنن، هاوکات هێزەکانی بەناو مقاوەمەتی هێزە داگیرکەرەکان بوونەتە هۆی زیاتر پەرەپێدانی شەڕو ناکۆکی تایفی، بێ یاسایی، کوشتن و ڕفاندن و بەبارەمتەگرتنی هەمەڕۆژە بەدەستی خۆتەقێنەرەوەکان و گرووپەکانی مەرگەوە (گروپە ئینسانکوژەکانەوە) . ئاو و کارەبا، خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان بەشێوەیەکی باش و پێویست پێشکەش ناکرێن. زۆربەی دانیشتوان بێ دەرامەتن و توانای بەدەستهێنانی ژیانێکی شایستەی ڕۆژانەیان نییە. IMF جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەوبڕە خۆراکەی (بایعی) کە مانگانە دەدرێت بە خەڵک کۆتایی پێ بهێنرێت، لە بەرەنجامی دوو شەڕی ئەخیردا چەندین ناوچەو شوێنی نیشتەجێی خەڵک بەشێوەیەکی دڵتەزێن بە مادەی یۆرانیۆم پیس بوون.

کوردستان (باکوری عێراق) ئەو بەشەی کە پەنابەرانی بۆ دیپۆرتکراوەتەوە، هێشتا بەشێکە لە عێراق، هەر چەندە وەک بەشەکانی تری عێراق نەبووەتە مەیدانێکی کراوەی شەڕ، بەڵام بە هێچ شێوەیەک بەو مانایە نیە کە دوورە لەو کێشانەی کە لەسەرەوە باسکران، وە هاوکات هێشتا چەندین ناوچەی بە مین چێندراو هەیەو و بەردەوام خەڵک دەکوژێت و بریندار دەکات، هێشتا لەڕووی سیاسیەوە نا ئەمن و ماترسیدارە بۆ ئەو کەسانەی کە لەبەر چەوساندنەوەو هەرەشەی پارتە کوردیەکان و هێزە ئیسلامیەکان هاڵهاتوون و وولاتیان بەجێهێشتووە، هێشتا خەڵکانێکی زۆر بێ خانەولانەن و شوێنێکی باشی نیشتەجێبوون و کاری هەمیشەییان نییە.

ئەمنستی ئینتەرناسیوناڵ و ڕێکخراوەکانی تری بەرگری لە مافی مرۆڤ دژی بڕیاری ناردنەوەی زۆرەملێن بۆ عێراق، وولاتە یەکگرتوەکان (ڕێکخراوی UN) لە مانگی 8 ی 2005 ڕایگەیاند کە بەڵگەی باوەڕپێکراو هەیە کە لە ماڵبەندەکانی پۆلیس و وەزارەتی ناوخۆ لەسەراسەری عێراق دا کاری ئەشکەنجەدان بەڕیوە دەچێت. وولاتانی ئەسکەندەنافیا دژی

ناردنه‌وه‌ی زۆره‌ملێ په‌نابه‌رانی عێراقین له‌كاتی ئێستادا هه‌روه‌ها مافی مانه‌وه‌و پارێزگاریان داوه‌ به‌ چه‌ندین په‌نابه‌ر له‌ كاتێكدا پێشتر ئه‌م كاره‌یان نه‌ده‌كرد.
له‌به‌ر رۆشنایی ئه‌و به‌یاننامه‌یه‌ی سه‌ره‌وه‌ داوا له‌ ده‌وڵه‌تی به‌ریتانیا ده‌كه‌ین كه‌:

- ڕاگرتنی بڕیاری دیپۆرتكردنه‌وه‌ی په‌نابه‌رانی عێراقی.
- دانی مافی په‌نابه‌ری به‌ په‌نابه‌رانی عێراقی و چاولێكردنیان وه‌ك قوربانیانی.
- به‌ڕه‌سمی ناسینی مافی كاركردن و ده‌ستڕاگه‌یشتن به‌ ئاستێكی باشی بیمه‌كان.
- ئازادكردنی ئه‌و په‌نابه‌رانه‌ی كه‌ هێشتا له‌ گرتووخانه‌كاندا ده‌ست به‌سه‌رن.

ئێمه‌ به‌ره‌ی دژی دیپۆرتكردنه‌وه‌ی په‌نابه‌رانی عێراقی هه‌روه‌ك له‌ كۆبوونه‌وه‌ی جه‌ماوه‌ری په‌رله‌مان 06/1/11 ڕێككه‌وتین بڕیار ده‌ده‌ین كه‌ درێژه‌ به‌ كه‌مپینه‌كه‌مان بده‌ین تا بڕیاری دیپۆرتكردنه‌وه‌ بۆ عیراق ڕاده‌گرین، وه‌ بانگه‌وازی هه‌موو ئه‌و ڕێكخراوو كه‌سانه‌ ده‌كه‌ین كه‌ به‌ ناوه‌ڕۆكی ئه‌و به‌یاننامه‌یه‌ی سه‌ره‌وه‌ ڕازین په‌یوه‌ست بن به‌م كه‌مپینه‌وه‌.

---

جێرمی كۆربین – ئه‌ندام په‌رله‌مان
جۆن ماكدۆناڵ – ئه‌ندام په‌رله‌مان
جین لامبارت – ئه‌ندام په‌رله‌مانی ئه‌ورووپا
فدراسیۆنی سه‌رتاسه‌ری په‌نابه‌رانی عێراقی
كه‌مپینی مافه‌كانی په‌نابه‌ران
كه‌مپینی دژی به‌تاوانباركردنی كۆمه‌ڵه‌كان
كه‌مپینی دژی ڕاسیزم و فاشیزم
كۆمیته‌ی به‌رگری له‌ په‌نابه‌ران
كۆنگره‌ی ئازادی عێراق
كۆمه‌ڵه‌ی عه‌له‌ویه‌كانی كوردی توركیا
كۆمیته‌ی هاوپشتی كوردستان
ڕێكخراوی سه‌رتاسه‌ری په‌نابه‌رانی ئێرانی
كه‌مپینی به‌ره‌ی نیشتمانی دژی دیپۆرتكردنه‌وه‌
فیدراسیۆنی په‌نابه‌رانی عێراقی- مانچێسته‌ر
فیدراسیۆنی په‌نابه‌رانی عێراقی- نۆتنگهام
كه‌مپینی ئاشتی بۆ كوردستان
دیپۆرتی منالان بوه‌ستێنن
ڕێكخراوی ژنانی په‌نابه‌ری كوردستان
ڕێكخراوی ئازادی ژن له‌ عێراق

---

بۆ زانیاری زیاترو په‌یوه‌ندی بكه‌ن به‌ساره‌پاركه‌ر به‌ ژماره‌ی (07951875853) ئیملی: sarahp107@hotmail.com وده‌شتی جه‌مال به‌ژماره‌ی (07734704742) وئیملی: d.jamal@ntlworld.com. له‌شاری مانچسته‌ر په‌یوه‌ندی بكه‌ن به‌ بورهان فه‌تاح به‌ژماره‌ی (07866757213) ئیملی: burhanfatah@aol.com. له‌شاری نوتین هام په‌یوه‌ندی بكه‌ن جاسم غفوربه‌ ژماره‌ی (07739338178) و ئیملی:jasm_rg@yahoo.co.uk

وه‌رگێرانی/ جاسم غفور